# پرسەی گوڵە هەڵوەریوەکان

عومەر کەریم بەرزنجی




کێ بوو پرچی گوڵە نێرگسەکانی سوتاند
شەونمی باخچەکانی نیشتمانی ئەتك کرد
بەنەورەسەکان بڵێن...
ئەم گەردەلوولی ئافاتە
لەکام دەریاوە هەڵی کرد.
بە پایز بڵێن : بۆوا هێندەزوو گەڕایتەوە.
خۆ هێشتا تەپوو تۆزی"
مەنفاکانمان نەتەکانبوو.
لە دەرگای دڵی باخەوانەکانت داو
تارای زەردی خەزانت...
کردە بەری ئەم باخچەیە.
کێ دڵی هەنارەکانی کرمێ کرد.
کێ بولبولەکانی لە خوێندن خست.
ئەی زێوان" ئەی حیکایەت خوانی مەرگ
بڵێی جارێك ختورەیەك بەدڵتا هاتبێت
لەکاتی هەڵوەرینی خونچەیەکدا.
یان خەونت بەووەوە بینیبێت
لەلەحزەی بەرلە ماڵئاواییدا
حیکایەتی ئەو تابووتانە"

بۆ ئەو خونچانە بنوسیتەوە
کە هێشتا لە حیکایەتی مەرگ تێناگەن.
ئەی زێوان ئەی حیکایەت خوانی مەرگ
بەناو ئەو لیتاوەدا سەوڵ لێدە
بەرو ناخی زەوی  ڕۆدەچین
ئەی سیزیف ئیدی ناگەڕێمەوە
بۆ ئامێزی ئەو گوڵانەی
نەیان دەزانی لەزەت نغرۆ بوونە.

